کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا29-7-2007 0:39

**به ئیجازەی کاک کامیلی حاجی علی وەلامێک بۆ کاک بابەکر تەنیا بە نوسینێکی مەلا مەروان ... بڕوا پشدەری**

ویستم نەیەمە دەنگ لەسەر ئەو لێدوان و قسە هەڵبەستنەی کاك حەسەن بابەکر سەبارەت بە بزووتنەوەی ئیسلامیی و مەسەلەی هاتنەوەی کوڕانی ڕابەر کە لە ژمارە 296 ی 2007/7/3ی ڕۆژنامەی میدیادا بڵاوی کردۆتەوە، بەڵام وا دیارە سەرانی کۆمەڵ کە بەندە بە وەچەی یاخیبوی بزووتنەوەی دایکی دەزانی قاچیان لی ڕاکێشاوەو بە ئارەزووی خۆیان درۆ دەبەخشنەوە من دەمەوی لەسەر خاڵێکی قسەکانی کاك بابەکر بدویم، سەبارەت بە لادانی مامۆستا مەلا عوسمانی ڕابەری ڕابون (ڕەحمەتی وای لی بێت) کە ناوبراو زۆر بە نائینسافی باسی لێوە دەکات هەوڵیش دەدەم بە بابەتێکی مەلا مەروانی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەی وەلامی بدەمەوە، کاك حەسەن لە خاڵی سێی بابەتەکەیدا نوسیویەتی کە ساڵی 1997 مامۆستا مەلا علی سور بوو لەسەر لادانی مامۆستا مەلا عوسمانی برایی و سەرەنجامیش لای دا و خۆی چوە جێگاکەی نەك کەسێکی دیکە لەوەدا دەردەکەوی کە کی ئەمیرایەتی ویستوەو کاری بۆ کردوە، ئەمە قسەی بابەکری ئەندامی (م. س) کۆمەڵە سەبارەت بەو مەسەلەیە کە جگە لە بوختان هیچی تر نی یە، بەڵگەشم جگە لە ڕاستەقینەیی پشتی ئەو نوسراو بابەتەی مەلا مەروان پەرەگرافێکی مەلا مەروانی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبەکەی بۆ ئەهێنمەوە لە ژمارە 335ی 2007/7/8 ڕۆژنامەی هاولاتی دا بلاوبوەتەوە کە تکا ئەکەم کاك بابەکر بچی بیخوێنێتەوە کە دەڵی: (دوای کۆنگرە هەندێك لە ئەندامانی سەرکردایەتی سەردانی مامۆستا مەلا علی مان کرد و ئەوەمان پی ڕاگەیاند کە ئێمە جەنابتمان دەست نیشان کردوە کە بتکەین بە ڕابەر چونکە مامۆستا مەلا عوسمان توانای نەماوە، دوای هێنان و بردنێکی زۆر ڕازی بوو) بڕوانن! (دوای هێنان و بردنێکی زۆر) دیارە ئەم قسەیە ڕاستەو ئەوەتا خودی مەلا مەروان و هەندێك داوایان لە مامۆستا مەلا علی کردوە کە ببێتەڕابەر بە زۆر نەك مامۆستا مەلا علی هەستابی بەم کارە!

پاشان مەلا مەروان لە پەرە گرافێکی دیکەدا دەڵی: (زۆرینەمان هاتینە سەر ئەوەی لە ڕابەری لا ببری) پاشان دەڵی: (ئەوەبوو دەنگ دان ئەنجام دراو مەلا علی بە ڕابەری بزووتنەوە هەڵبژێردرا) پاشان دیسان مەلا مەروان درێژە دەدات و دەڵی: (بۆ کۆبونەوەی سەرکردایەتی مەلا علی هات و گوتی زۆرم پی ناخۆشە کە منتان هەڵبژاردوە، بەڵام لە ڕەئی ئێوەش دەرناچم) جا برای موسوڵمان بەڕێز کاك بابەکر ئەوە قسەی ئەندامێکی سەرکردایەتی حیزبەکەتە سەبارەت بە مەسەلەی لاچونی مامۆستا مەلا عوسمان و دانانی مامۆستا مەلا علی بۆ ڕابەریی، ئیدی چۆن زات دەکەیت و بوختان بۆ مامۆستا مەلا علی کۆچکردوو (ڕەحمەتیان لی بێت) دەکەیت و دەڵێت مامۆستا مەلا علی سور بو بۆ لادانی براکەی بۆ ڕابەرایەتی! ئاخر ئەمە جگە لە خۆڵ کردنە چاوی خەڵك چی ترە، جا خوێنەری بەڕێز یان ئەوەتا کاك حەسەن بابەکر ڕاست دەکات و لیدوانەکەی مەلا مەروان هەڵەیە یان بە پێچەوانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك ڕون بێتەوە لێدوانەکەی مەلا مەروان پێکاویەتی چونکە واقیعی گواستۆتەوە و نەیتوانیوە وەکو خۆی باسی نەکات، بەڵام بابەکر چونکە حیزبی ترە و پۆستەکەشی بالاترەو نزیك ترە لە کاك عەلی باپیر ئاغا بەو چەشنە بوختان بۆ ڕێزدار ڕابەرانی مەرحوم هەڵدەبەستی ئا ئەوەیە ئەوپەڕی کارکردن لە سەر درۆکردن لە پێناو قایم کردنی پێگەو کورسی و ڕەوایەتی دان بە ئینشیقاق و سەرە ڕۆییەکانیان، کەواتە بەڕێز کاك بابەکر بە ئاشکرا ڕاستی نەوتووەو سەیریش لەوەدایە کەسایەتیەك درۆ بکات کە ئەندامی (م. س) حیزبێکی ئیسلامی یە، ئیدی چ ڕۆشنایی و داهاتویەك لەو حیزبە بخوازیت کە بە درۆ و بوختان گەورە بێت لێرەوە دەتوانین بڵێین کۆمەڵی ئیسلامیی بوەتە دوو باڵ، باڵێك هێشتا خۆشەویستی خوای لە دلایەو سیاسەتی خستۆتە ژێرپی و باڵێکیش وەك بابەکر دەستی گرتوە بە کورسیەکەیەوە و بڕوای بە هیچ نەماوە تەنیا بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵەکەی دەگەڕی و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

یەکێك لە سیفەتی موسوڵمانیەتی لە خۆی کردۆتەوە، حەقە لێرەشەوە دەست خۆشی لەو ئەندام و کادیرانە بکرێ وەك مەلا مەروان کە من بە بزووتنەوەی ناو کۆمەڵی ناو دەنێم و هاکا لەبەر سنگ فراوانی بزووتنەوە لانە و کاری خۆیان دوبارە گواستەوە بۆی و وازیان لە حیزبێك هێنا کە ڕابوونی ئیسلامی تووشی داڕمان کرد، لە کۆتایی دا دەڵێم حیزبێك ئەندامی سەرکردایەتیەکەی لە ئەندامی (م. س) وەکەی زیرەك تر و حەق بێژ تر و موسوڵمان تر و چاك تر بی ئەوا پێشمەرگە و ئەندامەکانیشی لە ئەمیرەکەی باشتر و چاکتر دەبن، نمونەش ئەم حیزبەیە کە بە 12 دەفتەر لە دایك بوو بۆ لە بار بردنی ئەزمونی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی و ڕابونە پاك و سەر ڕاستەکەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.